# ئۆكی و دۆكی وون بوون

**نوسینی :ئارنۆڵدوس هێنری**



## (1) ماتۆڕەكە وەستا

كەشتی‌یە لەكاتی ڕۆشتندا بوو بەرە ووڵاتە دوورەكە لە ناكاو دەنگێكی لێ پەیدا بوو (ڕۆنگ..ڕۆنگ..ڕۆنگ...) ئەو دەنگە دەنگی ماتۆڕی كەشتی‌یەكە بوو ،ڕەنگە هۆكەی ئەوە بووبێ بەخێرایی‌یەكی زیاد لە پێویست دەڕۆشت ئاخر ئەوەش زەروور بوو چونكە ئەو شوێنەی بڕیار بوو بۆی بچن هێندە دوور بوو وانەبوایە ئاسان ڕێگاكە تەواو نەدەبوو ،هەمیش كاپتن (پاف) بەپەلە بوو لەگەشتن..بڕیاربوو سەفەرەكە سێ هەفتە بخایەنێت،لەوێش دوو هەفتە بمێننەوە(چەند سەفەرێكی دوورو درێژە!!)..ئایا كاپتن پاف دەناسن؟ ئەها سەیر بكە ئەوەتا لەوێدا خۆی گۆڕیووە و قاتێكی زۆر جوان و كڵاوێكی لەسەرایە ،بەچواردەوری كڵاوەكەی دا پەتێكی ڕەنگ ئاڵتوونی دەوری داوە و لای قۆڵی چاكەتەكەیشی‌یەوە سێ خەتی ئاڵتوونی تر هەن ،كەسێكی زۆر گونجاو و چالاك بوو بەڵێ ..هەروەک بەرپرسیاری یەكەمی كەشتی‌یەكە بێت وادەردەكەووت..پاک وخاوێن و تابڵێی پیاوێكی باش،ئەگەرچی زۆر جار زۆر ڕەق بوو بەتایبەت لەگەڵ (10) مەلەوان و ئیش كەرەكانی نێو كەشتی‌یەكە ..هەموویان دەبوو كاپتنیان لە پاک و خاوێنی و ئیش و كارەكانی خۆیان دڵنیا بكردایەتەوە كە كارەكانی خۆیان كردووە بەجۆرێک شوێنەكانیان پاككردۆتەوە شەوق دەداتەوە ،هاوكات هەمیشە سەرقاڵی سەرنج دانە ئاووهەواش بوو .

ئەو شوێنانەی پاكیان دەكردەوە گەر شەوقی نەدایەتەوە كاپتن ڕازی نەدەبوو..وەشوێنی نیشتەجێی خۆشیان دەبوو هێندە پاک و خاوێن بێت وەک ئاوێنە شەوق بداتەوە ،گەر وانەبوایە ئەوە دەكەوتنە بەردەم دڵگرانی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کاپتن،ئا ..ئەوە دوانیان لەوێوە هاتن بەدەم گۆرانی ووتنەوە ڕێیان دەکرد (چۆنن باشن ؟)..چەندە بەبزەوە سەیریان دەکرد ..لای کاپتن پاف ئەم دووانە باشترین کەسانێکن لە نێو هاوڕێکانیان دا کە زۆر بە بایەخەوە کاردەکەن ..

- ها ها ها ..سەیری ئەو قەڵەوەیان !!

+ها ها ها ..سەیری ئەوی تر چەند ووشک و باریکە!

_ وتت چی؟ ئەو دووانە دەناسیت؟

+ ڕێنمایی باشیان دەکەیت؟

ئەو دووانە (ئۆکی) و (دۆکی) بوون..قەڵەوەکەیان (ئۆکی)یە ولاواز و سیسەکەیان (دۆکی)یە ..نێوانیان زۆر خۆشە و باشترین دوو هاوڕێی یەکترن،هەردووکیان پێیان وایە سەفەری وادووروودرێژ مایەی خۆشحاڵی‌یە ،بەڵام کارکردن بە پەلە و هیلاک بەدەنی زۆر هەردووکیان دڵگران دەکات ،بۆیە هەندێک جار حەز دەکەن بە خواستی خۆیان لەزەت لە شتەکان وەرگرن کە ئەمە لای کاپتن ئاسان قبووڵ نەدەکرا..

_ کاتێ کاپتن دانیشت ئاگادار بن چونکە کاپتن خوازیارە هەمیشە کە ئێوە ببینێت سەرقاڵی کار بن..

ئۆکی و دۆکیش ئەمڕۆ زۆر جوان خۆیان گۆڕیووە و زۆر سیمایان جوان دیارە ..ئۆکی کراسێکی شین و کڵاوێکی سپی لەسەردا بوو ،لە شێوەی کڵاوەکەی کاپتن بەڵام بە بێ هێڵە ئاڵتوونی‌یەکە..شینێکی بریقەداری ملوان سپی وپانتۆڵێکی سپی درێژ..ئۆکیش هەمان شێوە..ئاخر دەبوو هەموو هاوشێوەی یەکیان بپۆشیایە ..کاپتن سڵاوێکی لێ کردن (ها کوڕینە چۆنن؟..خەریکی چین ؟) هەردووکیان لە شوێنی خۆیان وەستان و سڵاوی یاساییان بۆ کرد دەستیان بۆ لای کڵاوەکانیانەوە بەرز کردەوە {ئەمە یاسایە هەرکات لەگەڵ کاپتن بدوێن دەبێت وەک نیشانەی ڕێز سڵاوی یاسایی بکەن }.

دۆکی وەڵامی دایەوە:(دەچین بەشی دەرەوە سەیر دەکەین ...

کاپتن ووتی : چ شوێنێک .. نەکەن گاڵتەم لەگەڵ بکەن و بچن بۆ جێگەیەکی تر !!

_ نا بەدڵنیای‌یەوە کاپتن شتی واناکەین.

کاپتن پێکەنینێک کەوتە سەر لێوی و ووتی ( کاتێکی خۆشە بۆتان 3 هەفتە سەفەرکردن پێکەوە ..)لە پڕ وەک ئەوەی قسەکەیانی بیر کەوتبێتەوە بە توڕەیی وتی: بۆچی چی بووە دەچن سەیری بەشی دەرەوە دەکەن؟).

بە ماتی‌یەکەوە ووتیان : ماتۆڕەکە وەستاوە !

کاپتن پاف بەم هەواڵە توڕەیی لە دەم و چاوی نیشت و ڕۆشت..ئۆکی و دۆکیش سەیرێکی یەکیان کرد و ڕوانیان بزانن کاپتن بۆ کوێ دەچێت.. ئاخر ڕاستی‌یەکەی ماتۆڕی کەشتی‌یەکە وەستاوە و هاکا تۆزێکی تر کەشتی‌یەکە بە تەواوی دەوەستێت ..ئیش کەرەکان دەنگیان لێ بەرز بۆووە (ئەوە چی ڕووی داوە؟)..کەشتیوانەکە و بەرپرسان و گەشتیاران بەگشتی هەموویان لە کاپتنیان دەڕوانی ،لە کاپتنیان دەپرسی(ئاخر ماتۆڕ چۆن دەبێت بوەستێت ؟ شتی واچۆن دەبێت؟ ئۆکی و دۆکی ڕوانیان دیقەتیان دا (ئا ..ئا ئەوەتا دیقەت بەن کەشتی‌یەکە چۆن لە ناوەڕاستی دەریاکەدا وەستا ..)

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## 2- ئۆكی و دۆكی دەچن بۆ ماسی گرتن

وەستانی ماتۆڕەكە وای كردبوو كاپتن پاف زۆر بە تووڕەییەوە سەیر بكات،ئاخر پێویستە چاكی بكاتەوە كە ئەوەش لانی كەم دوو تا سێ رۆژی پێ دەچێت..ئۆكیش هەمان ڕوانینی هەبوو كە چاككردنی بخایەنێت..دۆكی ووتی: من پێم باشە دەست لە هیچ نەدەین .

كاپتن هاواری كرد :(زووكەن لەنگەرەكە هەڵدەنە نیو ئاوەكە) ئیدی ئیشكەرەكان بەپەلە بەرە و كەناری كەشتیەكە ڕایان كرد ،بەڵێ دەبێت لەنگەرەكان هەڵبدرێت ئەگینا كەشتیەكە دەسوڕێتەوە..لەنگەریان كردەوە و فرێیان دایە نیو ئاوەكە ،بەهۆی تیژی دەمی لەنگەرەكەوە ڕووە و خوارەوە چوو لە زەوی چەقی،ئیدی كەشتیەكە لەوە زیاتر ناڕوات..كەسانێكی زۆر لە كەشتیەكەدا لەبەرخۆوە دەیان ووت (زۆر بەداخەوە..بەو پێیە بێت نزیكەی دوو ڕۆژ درەنگتر دەگەینە شوێنی مەبەستمان..)خەڵكەكە بەمە دڵگران بوون ،كاپتنیش بە تووڕەیەوە مات ببوو ،هیچی نەدەووت..هەموویان بە كەشتیوانەكەشەوە واقیان وڕمابوو ،هیچیان نەیان دەویرا سەیری ئەوی تریان بكات..دە ئیشكەرەكە زۆر بۆیان جێی بایەخ نەبوو چونكە لە هەموو حالێكدا ئەوان دەبوو كاری خۆیان جێبەجێ بكەن تەنانەت گەر كەشتیەكە وەستاویش بێت..



ئۆكی و دۆكی خاكەناز و سەتڵیان هەڵگرت و بەرەو كەناری كەشتیەكە چوون ..دۆكی بە ئۆكی ووتت(پێ دەچێت لێرە ماسی گەورە زۆر بێت!)

_ مەبەستت لەم پرسیارە چیە دۆكی؟

+ ئۆكی هاوڕێم..دەڵێم بچین ڕاوی ماسی بكەین؟

ئینجا بە پێكەنینێكەوە وتی: دڵنیابە هەر ئاوها لاواز دەمێنیتەوە وەک پارچە پلێت ،ئینجا ماسی بخۆیت و نەخۆیت هەروەک یەکە...بە تورەییەوە هاوڕێکەی ووتی: بێ دەنگ بە..خۆ تۆش وەک بەراز هێندە قەڵەو نیت تاوا بە من بڵێیت (دۆكی بە ئیزعاجیەوە گەڕایەوە)..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

+ بەڵام پێم وایە پێکەوە بچین بۆ ماسی گرتن  کارێکی خۆشە..ئێرە کەمێک گەرمە ..بەگشتی ئەو شوێنەی گەرم بێت ماسی زۆر لێ کۆدەبێتەوە ..دەڵێی چی؟

_ ئێ باشە قولاپت لە کوێ بوو؟

+ بۆ ئەوە کێشەمان نییە ،هەر ئێستا بۆت دروست دەکەم ،لە جێگەیەک شیشێکم بینی  دەتوانین پەتێکی تێوە ئاڵێنین و قولاپێکی پێوە بکەین..ئەوە قولاپی ماسی گرتن.

_ئەی بەلەمی بچوک؟

+ ها ها ..ئەوەم هەیە ،وەرە..

پێکەوە چونە بەشی پشتەوە و لەوێ بەلەمێکی بچوکیان هێنا کە ژێرەکەی زۆر ئەستوور بوو ،ئۆکی سەیرێکی ئاراستەی هەوای کرد لە دەریاکەدا و ووتی:(ئێرە دەڵێی ئاوێنەیە هێندە ڕووناکە ، هیچ با و شەپۆلێکی نییە) ئۆکی و دۆکی دەمێک بوو ئارەزوویان دەکرد پێکەوە ڕاو بکەن،ئەگەر چی ئەزموونی پێشوتریان پێکەوە هەیە ، ئاخر خۆ کەشتییەکە وەستاوە و هیچ ڕووناداوت گەر بچن بۆ ڕاو،ئۆکی ووتی (ئێ باشە کەی بچین؟) دۆکی ووتی: بەدڵنیاییەوە نیوەشەو لەهەموو کات باشترە بەتایبەت کاتێک مانگ دادەبەزێت ،ڕاو بەشەو ئاسانترە وەک لە کاتەکانی تر.

_ ئەی بۆ دان و خواردنی ماسییەکان چی بکەین دۆکی؟

+ نانی خۆمان دەبەین و پارچە نانیش دەبەین لەگەڵ ئەو خواردنی ماسییەی لە ژوورەکەدایە،من دڵنیام ئەم دەریایە  پڕە لە ماسی ..هاکا دەبینی کۆڵێ ماسیمان گرتووە و دەیهێنینەوە لەگەڵ خۆماندا .

_ ئەی چی لە (فلاپ) سەگەکەمان بکەین ؟

+ دەی بەین لەگەڵ خۆمان (دۆکی وای پێ باش بوو)

_ کەواتە ئۆکی وادەکەین ،ئەها ئۆکی سەیر بکە کەشتیوانەکە خەریکی پاککردنەوەی پەروانەکانە ،بەلایدا تێپەڕین و هیچیان نەووت ،بەڵام کەشتیوانەکە ڕووی لێ کردن و ووتی{ بەدڵنیاییەوە ئێوە پێتان خۆشە،ئاخر دوو ڕۆژدواکەوتن بۆ من زۆر سەختە.}

## 3- بەلەمەکە لەدەریاکەدا کەوتە جوڵە

نیوەشەو بوو بەڵام هێشتا دونیا زۆر تاریک نەبوو ،مانگ بە ڕۆشنی دیاربوو..گڵۆپی کەشتییەکە داگیرسابوو ، گەشتیارەکان بە گشتی خەوتوون بە کاپتن و چاودێریشەوە ..کەشتیوانەکەش دووکەڵی بەرزکردبۆوە ،بەڵێ ئێستا ئیشکەرەکانیش ڕۆشتونەتە کەنارەوە و دەبێت ئاگاداربن و نەخەون ،بەڵام دووان لەمانە کە دۆکی و ئۆکییە هەوڵ دەدەن لە کەناری کەشتییەکە بپەڕنەوە نێو بەلەمەکەیان ،دۆکی شتێکی درێژی بەدەستەوەیە ،ئا ئەوە قولاپەکەیە،ئۆکی قەڵەویش بەدوایدا ڕێی کردووە و دەڕوات ،ئەویش کیسێکی پێیە بۆ ئەوەی کاتێک ماسیان گرت تێی بکەن ،لە پاڵ دۆکیشدا فلاپ(سەگەکە)دەڕۆشت.

_دۆکی سەیر بکە شتی لەوێوە تێپەڕی!!

+ دەزانم دەمێکە من دەیبینم..هیچ نییە

ئۆکی ووتی : بە دەنگ بە ..ئەو بەلەمە دەبینی؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئۆکی خۆی نوشتانەوە و ووتی: (لەوە زیاتر چاوەڕێ ناکەین)
دۆکی ووتی: زۆرباشە ..یەڵلا



ئینجا هەوڵ بدە سەگەکە و قولاپەکە و کیسەکەی تێ بکەیت و وردە وردە شۆڕی بکەیتەوە بۆ خوارەوە ..یەک ..دوو ..سێ ..دەی ..ئۆکیش چووە ناوی و بەلەمەکە نزیک بۆووە لە ئاوەکە و دۆکیش خشەیەکی کرد و خۆی هەڵدایە ناوی،لەو کاتەدا بوو لە خۆوە دۆکی بەخەیاڵیداهەات کە بچێت جلوبەرگی پارێزگاری بهێنێت بەلام ئۆکی ووتی:(من لەوە زیاتر چاوەڕێ ناکەم ).

دۆکی کەمێک شڵەژابوو وتی (بۆ نا.. ئاخر لەوێ چ شتێک فریامان دەکەوێت گەر توشی کێشە بووین؟)

ئۆکی ووتی: سەیرکە چەند بە ئیسراحەت دانیشتوین ،زۆر ئاسان بەم جۆرە دەتوانین ماسی بگرین و هیچ کێشەیەکمان نیە

_ واتە هەروابکەین ..نەیهێنم؟

+ دڵنیابە کەس شوێنی لەوە باشتری نەبووە بۆ ماسی گرتن.

پێکەوە وتیان هوپا دەی ،لێخوڕە بابڕۆین..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



بەلەمەکەیان خستە جوڵە و کەوتنە ڕێ ..مانگ هاوڕێیانە سەیری دەکردن ..ئاخر چاوەڕوانی هیچ دەرەنجامێکی نابێت ،ئاسان کارەکەیان بۆ جێبەجێ بوو ،وایان پێشبینی دەکرد کە بە نیو کاتژمێر دەتوانن دەورانێکی باش بکەن ،بزە و خەندە کەوتبووە سەر لێویان و کەوتنە سەوڵ لێدان ،وایان بڕیار دابوو کە زۆردوور نەکەونەوە بۆ ئەوەی لە کەشتییەکە دانەبڕێن،ئاخر گەر کەشتییەکە چاک بێت و بکەوێتە جوڵە بێ دۆکی و ئۆکی وەک وایە هەر گەشت نەبێت.

## 4- قرشێک بوو بەدەمی قولاپەکەیانەوە

لە جێگەیەکدا بەلەمەکەیان وەستان ..دۆکی قولاپەکەی هەڵگرت و پەتەکەی پێوەکرد و دەمەکەی ڕووکردە ئۆکی بۆ ئەوەی شتێک بکات بە دەمی قولاپەکەوە ،پارچەگۆشتێکی پیوەکرد کەبەتەواوی دەمی قولاپەکەی شاردەوە و هاوکات کەوتە فڕی دانی ووردە نان و شت بۆ ناو ئاوەکە تاوەک ماسیەکان کۆبکاتەوە لە شوێنێکدا.. ئینجا قولاپەکەیان هەڵدایە ئاوەکەوە و چاوەڕوان بوون تاماسییەک پێوە بێت .

ئۆکی وتی: بەوهیوایەی ماسییەکی گەورە پێوەبێت

دۆکی وتی : گەورەش نەبێت بەڵام چەور بێت..ئەی باشە تەباخەکەمان ماسی لەسەر سوور دەکرێتەوە؟

ئینجا هەردووکیان قاقا پێدەکەنین

_ دەبیت چ ژەمە خواردنێکی خۆش بیت!..

+ پێت خۆشە گەر ماسیمان گرت ئاسنەکە ڕاکێشیت؟

_ ئا..حەز دەکەم بیگرم نەک ڕایکێشم.

دۆکی پێکەنینی هات ..(پەلەمەکە کوڕی باش ها ها ها ها ها

دۆکی هەستی بەشتێک کرد لە ئاوەکەدا وتی(بوەستە ) ئۆکی کەمێک تووڕە بوو

+ هەتیو بهێڵە گوێم لێ بێت.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ کوڕی مۆدە لەکەشتییەکە زۆر دوور کەوتوینەتەوە ئاگادار بە ،چاوەڕوانی هیچی لەدوا نییە .

ڕوانیانە پەتەکە

ـ هیچ ماسییەک دەمی پێوە بووە؟

+ ئەها .. پەتەکە دەلەرێتەوە

ئۆکی هاواری کرد ( ڕای کێشە )

هەردووکیان چاوەڕوانیان لێ براو کەوتنە ڕاکێشانی پەتەکە،لەدەریاکەوە ماسییەکی گەورەیان بینی وویک قرش وابوو (قرش ترسناکترین جۆری ماسییە)..دۆکی هاواری کرد(ئاگادار بە توند پەتەکە بگرە دۆکی) هەردووکیان پێکەوە بە توندی دەستیان گرتبوو بە شیشەکەوە ..پەتەکە بە تەواوی توند ببوو (دۆکی قیژاندی) ڕای کێشە ..هەستی کرد هێندە بەهێزە لە توانای ئەواندا نییە ،شیشەکە لەلای دەستیانەوە نوشتایەوە ،بەڵام بەریان نەدا ..دۆکی ووتی : دڵنیابە ئەوە ماسییەکی زۆر گەورەیە..یان ئەوەیە زۆر درێژ بێت پێ دەچێت قولاپەکە لە دەمی دا بێت ،ئەیبینی ئۆکی؟ ماسییەکە زۆر ئازاری گەشتووە و هەوڵ دەدات خۆی قوتار بکات و دەیەوێت دەمی قولاپەکە بقرتێنێ ،دیارە ئەمەش ئاسان نییە ،ئێمەش دوای دەکەوین ،دۆکی هاواری کرد (ئاگادار بە دۆکی ماسییەکە ڕامان دەکێشێت ،گەر ئەو ماسییە بەرینەوە چواردەڕۆژ ماسی دەخۆین باس بیگرە ،چونکە وادیارە ماسییەکە دەمانجوڵێنێت ،بەلەمەکە لە ئاوەکەدا دەسوڕایەوە ،خەریک بوو ئاوی تێ دەچوو ،لە هەموو لایەکەوە ئاستی ئاوەکە لە ئاستی بەلەمەکە بەرزتر ببۆوە ،ڕووە و ئۆکی و دۆکی هاتبوو ..



سەری ماسییەکە کەوتە سەر ئاوەکە و ماسییەکەیان بینی ،دۆکی هاواری لێ هەستا (چاوەکەم یارمەتیمان بە..) ڕووی کردە ئۆکی و وتی (قەت ماسی وا گەورەم نەدیووە ،بەری نەدەیت ،سەیرکە بزانە بەلەمەکەش چەند خێرا دەجوڵێت ..

مانگ خەریک بوو وون دەبوو ،ڕوناکی گڵۆپەکانی کەشتییەکەس لە پێش چاویان کەم دەبۆوە ،تا دەجوڵان کەشتییەکە بچوکتر دەردەکەوت،دۆکی و ئۆکیش ترسیان لێ نیشتبوو بەڵام نەیاندەتوانی لەبەردەم ئەو نێچیرە گەورەیەدا ئاسان دەستبەرداری بن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## 5- وون بوون لەدەریا گەورەکەدا

شەڕ لەدەریا گەورەکەدا هەڵگیرسابوو ..شەڕی نێوان ئۆکی و دۆکی لەبەرامبەر ماسی‌یەکی گەورەدا ،ئەوان دەستیان توند پیوە گرتبوو ،ماسی‌یەکەش لێ نەدەبۆوە ،شیشەکە هەردوکیانی پێکەوە بەستبۆوە ،ئەوان لەلایەکی و ماسی‌یەکەش لە لاکەی تر ،ئێستا لەدەریا کش و ماتەکەدا دوور لە کەشتی‌یەکەهەرخۆیان تەنها ماونەتەوە ،گەرچی خۆیان ئەمەیان پێ خۆش نەبوو بەڵام حاڵەتەکە زۆر کتوپڕ رووی دا،ماسی‌یەکەش هێندە خێرا دەڕۆشت دەتووت خێراترین شەمەندەفەرە و ڕێگایەکی دوور دەبڕێت،بەلەمەکەش بەدوایدا ،توکی سەگەکە بە تەواوی ڕووە و دواوە ڕۆشتبوو ، پرژە و بەرزبوونەوەی ئاوەکە هەموو گیانی تەڕ کردبوون.

قرشەکە بەجۆرێک بەدوای خۆیدا بەکێشی دەکردن جێی سەرسوڕمان بوو..هەر ئەو پەتە ئەستورە بوو کە تەحەموولی دەکرد ،ئەوانیس وەک ملۆزم بەدوایدا بەکێش ببوون و بەریان نەدەدا،سەگەکە لەدەرەنجامی هەموو ئەو پرژە و هێزی ئاوەدا کەوتە دەریاکەوە ،ئۆکی کە بینی هاواری لێ هەستا

(ئۆو .. ئەها )

لەپڕ شتێک بەرسەری ئۆکی کەوت کە لەوە دەچوو سەری ئەو مەنجەڵە بێت کە کیسەکەیان تێ کردبوو بۆ شوێنی ئەو ماسی‌یانەی قەرار بوو کە گرتیان تێی بکەن ،دۆکی باشتر بوو چونکە جار جار سەیری پەتەکەشی دەکرد ،چونکە گەر بپچڕێت ئەوە تەواو جگە لە دڵگرانیان بێ هیواش دەبن..فلاپ(سەگەکە) لە ئاوەکەدا گەمەی



دەکرد ،بەڵام ئۆکی بەهۆی بریندار بوونی سەری‌یەوە دەستی شل کرد و بەری دا ..کڵاوەکەی نابە لایەکی سەری‌یەوە ..بێ ئومێدانە و بە دەنگێکی خەماوی‌یەوە ووتی(ماسیمان دەست نەکەوت،ئا تۆ بۆستە ،خۆ ئێمە گرتمان دۆکی بەڵام .......)دۆکی پێی بڕی ..(لێی گەڕێ با بگەڕێینەوە بۆ لای کەشتی‌یەکە) دۆکی سەیرێکی ئاراستەو شوێنی خۆیانی کرد لە کوێی دەریاکەدا وەستاون بۆ ئەوەی بزانێت کەشتی‌یەکەیان لە چ ئاراستەیەکدایە وتی: (ئا ئۆکی ..سەیر کە لە ئاو زیاتر هیچ دیار نی‌یە ،هیچ شتێک نابینم جگە لە ئاو).

_ ئەی کەشتی‌یەکەی کاپتن پاف لە کوێ بێت ؟

+ بەداخەوە زۆر لەچاو دابڕاوە ..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دۆکی ڤیژاندی (کوا کەشتییەکە لە کوێیە ؟) ئۆکی سەیرێکی کرد و دەستێکی ڕاکێشا و ووتی(لێرەوە دەبێت بڕۆین).

_ تۆ دڵنیایت ؟

+ بەڵێ ..ئێمە لەوێوە هاتین.

_ کەواتە با لەوێوە بڕۆین ...(زیاتر لە سەری نەڕۆشتن)..هەموو ئەوانەی خواردنی ماسییەکانیان تێ کردبوو وەک خۆی پێیان مابوو ،دۆکی وتی(هەڵیان دەرە نێو ئاوەکە)

یەک ..دوو... سێ ..هوپ

یەک ..دوو ...سێ ..هوپ

مانگ خەریک بووماڵئاوایی دەکرد و گزنگیش تازە خەریکی دەرکەوتن بوو ،ڕۆژ دەبۆوە.. ئۆو چەند ماوەیەکی زۆرەبوو ئەوان بەو ماسییەوە سەرقاڵ بوون ،لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەستکەوتێکیان نەبوو جگە لە ماندوویەتی نەبێت ،ئەو ماسییە گەورەیە پی دەچێت ئێستاش قولاپەکەی بە دەمەوە بیت ،بەڵام لەوە بدوا نەبینیانەوە و نەزانیان چی بەسەر هات ،ئۆکی سەیرێکی گیانی خۆی کرد و وتی:( ئەها خۆ هەموو گیانم تەڕە !!)دۆکی وتی: (سەیر بکە منیش وەک تۆ هەموو گیانم تەڕە )..دۆکی دوبارە پرسیاری کردەوە :

(پێم وتی کوا کەشتییەکەمان ؟ ئەیبینیت؟)




جارێکی تر ئۆکی سەیرێکی دەریاکەی کردەوە و بەڵام هیچ کەشتییەکی بەدی نەکرد ،هیلاکی بە سیمای هەردووکیانەوە دیار بوو..دۆکی ڕووی لە ئۆکی کرد و وتی: (من لەوە زیاتر تەحەمولم نەما ..زۆر زۆر برسیمە) دۆکی هیچی لە توانادا نەمابوو ،زوو زووش هەر خەریکی فڕێ دانی کەل و پەلەکانی نێو بەلەمەکە بوو ،هیچ نەمابوو فڕێی نەدات ،گەورەیی دەریاکەش ترسی لەلا دروست کردبوون ،ئەوەتا ئەو دوو کەسەی لە کەشتییەکەدا وەک دوو کەسی خۆشەویست ناسرابوون خەریکە لەدەریاکەدا تووشی نوقم بوون دەبن ،ئومێدی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕزگار بوون لە دەریایەکی واگەورەدا زۆر زەحمەتە ،هیچ خواردن و خواردنەوەیەکیشیان پێ نیە ..هیچ کەشتیەکیش لە دەوروبەریان دیار نیە ..فلاپ(سەگەکە) لەهیچ لەو بارەدەرونیانەی ئۆکی و دۆکی تێنەدەگەشت ،دوای ئەوەی خۆی گەیاندەوە بەلەمەکە ،لە سوچێکی بەلەمەکەدا وەستابوو ،ئەویش چارەنوسی خۆی دابووە دەست ئەوان.

## 6- ڕووە و کەشتیەک دەڕۆشتن

بەلەمێک لەدەریاکەدا وەستاوە ،ئەوە بەلەمەکەی ئۆکی و دۆکیە ،هەڵبەت شتێکی باش نیە و کارێکی باشیان نەکردووە ،بەدرێژایی ماوەیەکی زۆر بوو دەسوڕانەوە ..گەشتەکەیان خەریک بوو کۆتایی دەهات ..هیلاکی بە ڕوویاندا دیار بوو ..ماندوو ..نەبوونی خواردن و خواردنەوە هۆکارێکی تری هیلاکی و ماندوویی‌یان بوو ،سەگەکەش وەک ئەوەی تامەزرۆی شتێک بێت و دەمێک بێت نەی خواردبێت ،ئاخر فلاپ ئارەزووی هەمیشەیی لە گوێزەر بوو ،پێ دەچێت تامەزرۆی ئەوە بووبێت ..ئۆکی و دۆکی بەدەنگانە لەپاڵ یەکدا دانیشتبوون ،وەکوتر هەمیشە دەم بە بزەو پێکەنین بوون کەچی ئێستا مات و خەمگین،بەشێکی تری برسێتی و تینوێتی بوو ،سەرەتا دەریاکە ئەوەندە ڕوون بوو دەتووت ئاوێنەیە کەچی ئێستا شەپۆل دەستی پێ کرد ،پێ دەچێت شەپۆلەکان زیاتر و خێراتر بێت،هەردووکیان هەڵدەلەرزین ،ئیدی بەلەمەکە کەوتبووە بەر هێرشی شەپۆلەکان وجوڵەی تێکچوو ،زۆرجار ئاوی شەپۆلەکان دەهاتە سەر ئاستی قەراغی بەلەمەکە،لەوکاتەدا ئۆکی قیژاندی و ووتی:(ئەها ..ئەوەتا (دەستی ڕاکێشا) دەبینی ئەوە کەشتیەکەیە ؟) دڵیان خێراتر لێی دەدا،خۆیان سازکرد .



دۆکی کیسە سوورەکەی گرت بەدەستیەوە و ڕای دەوەشاند ،ئۆکیش لایەکی تری کیسەکەی گرتبوو ،لەبەرخۆوە پرسی..(ئایا ئەوە کەشتیەکەی کاپتن پافە؟)

{باوەڕ ناکەم ئەوە کەشتیەکەی ئەوان بیت}

ئیشکەرەکان کەسانێکی ترن و لە کەشتیەکەدا دیارن ،بڕوانە بە شوێنی چوونە ژوورەوە و ئاڵاکەدا دیارە ،دڵنیابە ئەو کەشتیە هی وڵاتێکی بێگانەیە ،دوو ئیشکەریان لە شوێنی چاودێری بەدی کرد ،ئۆکی و دۆکی بەهەموو هێزیان هاواریان کرد (یارمەتیمان بدەن ..تکایە یارمەتی) ئۆکی بە هەموو توانای خۆی هاواری دەکرد ،بەتەواوی لە کەشتیەکە نزیک بوونەوە ..{سەیرکە ئەها ئیشکەرەکان وەڵامی شەکاندنەوەکانمان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەدەنەوە }لەکەنارەوە کاپتنەکە وەستا بوو سەیری دەکرد،،چەند کەسێکی تر لە چواردەوری..لەبەرخۆوە ووتی:{ئەوە چیە لەسەر ئاوەکە ؟ ئەها خۆ ئەوە بەلەمێکە دوو کەس و سەگێکی تێدایە ..ئەبێت ئەوانە خەڵکی کوێ بن؟لەکوێوە هاتبن ؟ ئەی بۆ وا ماتن؟}

بەرپرسیارەکە ئاوڕی لێ دانەوە و داوای کرد کە هەردووکیان بهێننە سەرەوە ،کەشتیەکە هێمن بۆوە و هێواش هێواش تاگەشتە نزیک بەلەمەکە،ئۆکی و دۆکی بەرەو کەشتیەکە چوون ..زۆر دڵخۆش بوون ،بەئامادەییەوە بەرەو ڕووی چوون ،پەتێکی درێژیان بۆ هەڵدان و گەیاندنیانە شوێنی ئارام،ئۆکی و دۆکی سەرکەوتنە نێو کەشتیەکە ،دۆکی سەگەکەی خستە ژێر باڵی ..بەلەمەکەشیان خستە نێو کەشتیەکە ،زۆر لەو کەسانەی حەز بەزانینی شت دەکەن وخۆهەڵقورتێنەرن دەیان پرسی(خەڵکی کوێ بن؟) بەڵام ئۆکی و دۆکی هیچ تێ نەگەشتن چونکە کەشتیەکە لەووڵاتێکی بێگانەوە هاتبوو هاوکات زمانی سەرنشینەکانی گەلێک جیاواز بوو ،ئۆکی و دۆکیان بەرەو لای کاپتن برد ،کاپتن پرسی :

{ئایا ئێوە لە کەشتیەکەتان دوور کەوتوونەتەوە؟}

( ئێمە لەکەشتیەکەی کاپتن پاف کاردەکەین ) دۆکی بوو وا وەڵامی دایەوە ،بەردەوام بوو(کەشتی کاپتن پاف کەشتیەکی هۆڵەندیە ..هۆ..ڵە...ندا )درێژکردنەوەی هۆڵەنداکەی زیاتر بەو مەبەستە بوو کاپتن تێ بگات،بەرپرسیارێک هەڵی دایەو وتی: ئێمە نیو کاتژمێر بەر لە ئێستا بەلایان دا تێپەڕین.

کاپتن وتی: دڵنیایت کە ئەوە ئەوان بوون؟

کاپتن سەرنجی خستە سەر ئۆکی و دۆکی و سەیرێکی کردن ،کەشتیەکە خەریک بوو بەتەواوی دەوەستا ،بە دڵنیایەوە رووی کردە بەرپرسەکە و وتی:بگەڕێرەوە دواوە..ئێمە دەبێت ئەم کەسانە بگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان بەرپرسەکە سەری ڕەزامەندی دانەوەند و نیسانی دا کە هەر ئێستا دەگەڕێنەوە،ماتۆڕەکەیان بە پێچەوانەوە سووڕاندەوە ،ئۆکی و دۆکی بە جولەی پێچەوانەی کەشتیەکە زۆر دڵخۆش بوون،بە پێکەنین و خۆشیەوە وتیان : (کەواتە ئێمە دەگەینەوە لای کەشتیەکەمان ؟)،کاپتنەکە وتی: بەڵێ ..منیش ئەو کەشتیەم بینی کە بەرپرسەکە باسی کرد..) بە پێکەنینەوە هاواری خۆشیان لێ هەستا ،ئیدی لەوە دڵنیابوون کە کاپتن دەیان گەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان ،سەگەکەش لەبەزم و هاواری ئەوان بەرزدەبۆوە ..کاپتن ووتی:-

(ئێستا تادەگەینە شوێنی دیاری کراو بیان بەنە چێشتخانەکە و خواردنیان بدەنێ ..)ئینجا ڕووی کردە ئۆکی و دۆکیش و وتی: ئێستا بچن نان بخۆن ..ئەها خۆ هەموو گیانیشتان ئاوە ،هەوڵبدەن خۆشتان بگۆڕن.) ئۆکی بە بزەوە وتی(ئەمە هیج جێی باوەڕ نیە ..قەد بڕواناکەم کە ئەمە ئێمە بین و بگەڕێینەوە لای کەشتیەکەمان.)

## 7- گەڕانەوە بۆ لای کاپتن پاف

گەڕان لەنێو کەشتیەکەی کاپتن پاف چەند خۆشە!!!..ئەوان بەدوای ئۆکی و دۆکی دا دەگەڕان ..بەڵێ ئەمڕۆ بەیانی هەموویان بیریان دەکردن ،ئەو کاتەی هاوڕێکانیان دەبوو لای کاپتن پاف ئامادە بن ئۆکی و دۆکی دیار نەبوون ،هەموویان کەوتنە پرسیار کردن لە خۆیان (دەبێت ئەو دوانە لە کوێ بن؟) ،کاپتن خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو کە تا ئەو کاتە لە جێگادا نوستبن ،ئەوانی تر دڵنیایان کرد کە تەنانەت لە کوخی خەوەکانیشیاندا نین ،کاپتن بڕیاری دا خۆی بچێت بۆ پشکنین ،لەبەرخۆوە وتی:_ ئاوا دەتانەوێت لەزەت لە گەشتەکە ببینن..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڵام ئۆكی و دۆكی هیچیان لەوێ نەبوون ،كاپتن ووتی: ئێوەش بچن بگەڕێن بزانن ئەو دوو سپڵەیە نادۆزنەوە، گەلێک بەشوێنیاندا گەڕان ،زۆر شوێنیان پشكنی ..چێشتخانە و مەخزەن و هەموو كوخی خەوەكان..هەموو كەشتیەكەیان پشكنی،تەنانەت بۆ فلاپیش گەڕان ،بە دڵگرانیەوە ئەویش دیار نەبوو، هەرهەموویان شوین نەما نەگەڕین ،كەچی لەناكاو ئیشكەرێكیان هاواری كرد :(ئۆو..خۆ بەلەمێكیش دیار نیە) یەكێكی تر هەڵی دایە :(ئەو پەتەدرێژەی كە لێرەشدا بوو هەردیار نیە)،كاتێک كاپتن لەگەڕان دا بوو لەهەموو ئەمانە ئاگاداركرایەوە ،بەر لەوەی كاپتن هیچ بزانێت دوای ئەوەی یەكێک لە ئیشكەرەكانی بینی پرسیاری لێ كرد (كە ئایا هیچتان دۆزیوەتەوە؟) لەوەڵامدا ووتی: (كاپتن بەلەمێک و پەتەدرێژهكەش دیار نیە)كاپتن كە گوێی لەمە بوو چاوی زەق بوو ،بەسەرسامیەوە پرسی(بڵێی بەبەلەمەكە ڕۆشتبن..شتی وانابێت؟)

+ بەدڵنیاییەوە وایە كاپتن.

كاپتن پاف سەیرێكی كرد ،دروست وایە بەلەمێكیش دیار نیە ،كاپتن لێی پرسین كە گوایە كەسیان نەیان بینیبوون ..بەڵام نەخێر كەس نەیبینیبوون تەنانەت چاودێرەكەش ،كاپتن بە دەم ڕۆشتنەوە وتی: بەخوا جوانە.. بڕیاریان دا ئیتر لە دەریاكەدا بە شوێنیاندا بگەڕێن ،كاپتن بەدەم قسەكردنەوە هەرچاوی لە دەریاكە بڕی بوو بە تووڕەییەكەوە ووتی : (من هیچ بەلەمێک نابینم !!!! ئێوە بڕۆن هەریەكە بۆ سەر كاری خۆی) كاپتن دەیویست بزانێت لە كوێن و مەسەلە چیە (ئۆكی و دۆكی ڕۆشتن ..بەداخەوە)..ئاخر بۆچی پێكەوە و بە بەلەمێک ،ئێ خۆ ئەوان كەسانێک بوون زۆر دیار و ئەزیز ..بڵێی هیچیان بەسەر نەهاتبێت ؟هەموو هەوڵێک دەدەم بۆ دۆزینەوەیان..ئاخر ئەوانە باشترین و خۆشەویسترین دوو ئیش كەرێک بوون.



ئەو ڕۆژە لە كەشتیەكەی كاپتن پاف دا ئاوها گوزەرا ..لە ئاوڕدانەوەیەكی كاپتندا بەلای دەریاكەوە شتێكی سەیری بینی ..كە باشتر ڕوانی ،دیقەتی دا كەشتیەكی نەناس لە كەشتیەكەی كاپتن پاف نزیک بووەوە .. دەستی كرد بە تووت ..تووت ..

_ سەیر كەن ئەها خۆ ئەوە بەلەمێک لە نێو كەشتیەكەدایە ،ئەی ئەوە كێیە لای بەلەمەكەوە ؟

+ ئۆو ..خۆ ئەوە ئۆكیە و دۆكیە و سەگەكەیان لەگەڵ دایە ..تۆ بڵێی ئەوان بن؟

ئیش كەرەكان هەموویان پێكەوە هاواریان دەكرد ..(هێی ئەوە هاوڕێكانمانە ..هێی )

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کڵاوەکانیان بەرز کردبۆوە و دەیان لەراندەوە ،کەسانی تری نێو کەشتیەکەش هەمان شت کڵاوەکانیان بەرز کردبۆوە ..ئەی کاپتن؟ بەڵێ ..کاپتن کە بینینی هاواری کرد (هەی بەد کردارانە ئەوە لە کوێ بوون؟) بەڵام لە دڵەوە بە گەڕانەوەیان زۆر دڵخۆش بوو ،کاتێک بینی سەلامەتن و لەش ساخن لە ناخەوە خۆشحاڵتر بوو، فلاپیش کاتێک ئەوانی بینی وەک دڵخۆشی دەربڕێ دەستی کرد بە وەڕین..یەکەم پرسیار کە کاپتن پرسی ئەوە بوو کە لە کوێ بوون ؟ دەبوو هەردووکیان بە تێروتەسەلی بۆ کاپتنی بگێڕنەوە کە چوون بۆ کوێ و چیان لێ بەسەر هاتووە وا نەبوایە کاپتن ئارام نەدەبۆوە، کە باسەکەیان گێڕایەوە کاپتن سەرێکی ڕاوەشاندو و وتی: (ئەها کەواتە ئێوە ئارەزووی ماسی گرتنتان بوو ،دەبێت شووکور بن کە ماسیەکی گەورە قوتی نەداون) هاوڕێکانی ئۆکی و دۆکی بەم قسەیەی کاپتن قاقا پێدەکەنین ،گەڕانەوەی دۆکی و ئۆکی هەموو ئیشکەر و هاوڕێکانی دڵخۆش کردبوو.. چونکە جارێکی تر درێژەیان دەدا بەو پەیوەندییە پێکەوەییەیان ..دەوریان دابوون ،کاپتن کە بینی هەموو بەوانەوە سەرقاڵن هاواری کرد:

{دەی ..یەک ..دوو..سێ ..ڕاکەنە شوێنی ئیسراحەتتان و جلوبەرگێکی ووشک لەبەر بکەن و ئێوەش هەرکەس بەلای کاری خۆیەوە} ئۆکی و دۆکی نەیان هێشت کاپتن دوبارەی بکاتەوە ،ئاخر خۆشی لەخۆیان کە کاپتن لەوە زیاتر توڕە نەبوو ،هێمن ببۆوە..ئیشکەرەکان هەموو پێکەوە هاواریان کرد ..(یەڵلا............) فلاپیش بە وەڕین دوایان کەوت ..هەموویان بەم وەزعە دڵخۆش بوون ..ئیتر کەشتیە نەناسەکە بە toot toot ماڵئاوایی لێ کردن ..کاپتنیش هاواری کرد {ئێمەش بە خۆشی گەڕانەوەی ئۆکی و دۆکی و چاک بوونەوەی کەشتیەکەوە گەشتەکەمان تەواو دەکەین و بەردەوام دەبین....

وەرگێرانی لە هۆڵەندی بۆ کوردی : ڕزگار عبدالکریم

2004-06-18

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com